وەزیری ناوخۆ گەیشتە کەربەلای پیرەز بۆ سەرپەرشتیکردنی پلانی زیارەتی چلە



ئەمڕۆ چوارشەممە، عەبدولئەمیر شەمری وەزیری ناوخۆ، گەیشتە شاری کەربەلای پیرەز بەمەبەستی سەرپەرشتیکردنی پلانی ئەکخراوەیی بۆ زیارەتی چلەی ئیمام حسێن (ر.خ).

ڕۆنوسینگەی ڕاگەیاندنی وەزیری ناوخۆ لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند: ئەمڕۆ وەزیری ناوخۆ و سەرکی لیژنەی باڵای ئاسایشی زیارەتی ملیۆنی، عەبدولئەمیر شەمری، بە یاوەری سەرکی لیژنەی خزمەتگوزاری بۆ زیارەتی ملیۆنی گەیشتە کەربەلای پیرەز و لەلایەن فەرماندەی پۆلیسی پارێزگاکە پێشوازی لێکرا.

ئاماژە بۆ ئەوەشکراوە: لە دیدەنی خێدا بۆ پارێزگاکە، وەزیری ناوخۆ بەدواداچونی بۆ زیارەتکارن و هەوتی جوانوەکیان کرد لەسەر دیدەنی یا حسێن، هەروەها پێداچوونەوەی بۆ جێگیرکردنی هەزە ئەمنییەکان و ئەو خزمەتگوزارییانەی کرد کە لە نێوان بەغدا و کەربەلای پیرەز پێشکەشی دەکەن.

بەگوترەی بەیاننامەکە، شەمری جەختیکردەوە: دەوریەی هاتوچۆ ئاسانکاری بۆ هاتووچۆی زیارەتکاران دەکات.